# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کوردی ٢٠٢٤ی زایینی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـــارە (٦٠)　　٢٧٢٤ی کـــوردی　　٢٠٢٤ی زایینـــی



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن کەریم

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالّح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**



http;//gov.krd/ka　　ISSN: 2520-4106　　**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# ئاریشەکانی جەستە لە گوتاری نمایشی شانۆییدا

## شانۆی ( عەبا )وەک نموونە


م.ی. یونس عثمان مصطفی
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلیژی هونەرە جوانەکان
younsmosman@gmail.com

پ.د. منصور نعمان
زانکۆی سەلاحەدین
کۆلیژی هونەرە جوانەکان
dr.mansornuman@gmail.com

پ.د. إبراهیم أحمد سمو
زانکۆی جیهان
دهۆک
dr.Ibrahimsmo@yahoo.com



**پوختە:**

توێژینەوەیەکە بە ناونیشانی "ئاریشەکانی جەستە لە گوتاری نمایشی شانۆییدا - شانۆی (عەبا) وەک نموونە" لە چوار بەش پێک هاتووە، بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی پێک هاتووە لە گرفتی توێژینەوە کە تێیدا باس لە جەستە و دەرهاویشتەکانی دەکات لە نمایشی شانۆیی و پرسیاری توێژینەوە: چۆنیەتیی بەشدارییەکانی جەستە لە نمایشی شانۆییدا؟ و گرنگیی توێژینەوە: گرنگیی جەستەیە لە ڕووی جوانی و واتاییەوە، ئینجا ئامانج: وەزیفەی جەستە لە گوتاری نمایشی شانۆییدا، پاشان سنوور دابەش بووە بەسەر سنووری کات ( ٢٠١٠ ) سنووری شوێن ( هەولێر) سنووری بابەتی: تەوزیفکردنی جەستە لە ڕووی فەلسەفی لە نمایشی شانۆییدا، بەشی دووەم: کە چوارچێوەی تیۆرییە لە دوو تەوەر پێک دێت: ١- جەستە و فەلسەفە ٢-جەستە و نمایشی شانۆیی. بەشی سێیەم: ڕێکارەکانی توێژینەوە، کە تیایدا نمایشی شانۆیی (عەبا) شی کراوەتەوە، بەشی چوارەم: ئەنجام و پێشنیاز و دواتریش لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆ، ئینجا پوختە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.


کلیلەوشە: جەستە، گوتار، نمایشی شانۆیی

## پێشەکی

جەستە وەک کەرەستەیەکی دەربڕین لە دونیای ئەمڕۆماندا پانتاییەکی بەرفراوانی داگیر کردووە، هەموو لایەنەکانی ژیان و هەموو تاکێک بە پەنابردن بۆ ئەو کەرەستە دەوڵەمەندە و لە ڕێگەیەوە گوزارشت و دەربڕین و زانیاری کۆ دەکەنەوە، و بۆ بەرەودان بە توانا کەسییەکان سوودی لێ دەبینن، لە چوارچێوەی هەوڵ و تێکۆشانەکاندا بوارە کۆمەلایەتی و زمانەوانی و زانستی و هونەرییەکان بە زەقی دەبینرێن و کەڵک لە هێزی جەستە وەردەگرن، بواری شانۆش وەک هەموو بوارەکانی تر و بگرە زیاتریش لە ڕێگەی جەستەوە گوتارەکانی ئاراستە دەکات و لە جەستەوە واتا و ئاماژە و هێماکان هەڵدەهێنجێ و دەیانکاتە بەرگێک کە چەندین مانا و تێگەیشتن بۆ وەرگرەکانی فەراهەم دەکات، کە هەر لە ڕێگەی جەستەوە زمانێکی هاوبەش لە نێوان گەلانی جیاواز و کەلتورە جیاوازەکان بنیات دەنێت و دەیکاتە زمانێکی هاوبەش، بۆ ئاشنابوون و تێکەڵبوونی نێوانیان کە دەبێتە پردێک و سنوورە جوگرافییەکان کاڵ دەکاتەوە، بە مەش جەستە دەبێتە هەڵگری گوتارە جۆراوجۆرەکان و یەکەکانی ئەنترۆپاۆلۆژی و کەلتوری و زمانەوانی سیمبوڵی دەگرێتە خۆ.

## بەشی یەکەم

**گرفتی توێژینەوەکە:** مرۆڤ هەوڵی زۆری داوە تا بگاتە زمانێکی هاوبەش بۆ خستنەڕووی گرفت و پێداویستییەکانی، لەم سۆنگەیەشەوە هەر لە دەستپێکەوە جەستە وەک زمانێک بۆ گوزارشت لە کاروباری ڕۆژانەدا بەکار هاتووە، تەنانەت تا ئەو ڕادەیەی کە جەستە لە زانست و هونەر گرنگی خۆی سەپاندووە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەرکەوتووە، لە ڕووی شێوەوە خاوەن بنیاتێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژووی و سیاسی و کەلتورییە، هەروەها هەڵگری واتا و نیشانە و ڕەمزە، بەدرێژایی مێژوو پێگەیەکی دیار و کاریگەرییەکی بەرچاوی لە ژیانی تاکەکاندا هەبووە، لە هونەر بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش لە هونەری شانۆ هەر لە سەرهەڵدانیەوە تا ئێستا وەک ڕەگەزێکی کاریگەر و کارتێکەر دەرکەوتووە، بەتایبەتیش دوای دەرکەوتنی ئەو تیۆریستانەی کە جەختیان لەسەر جەستەی ئەکتەر کردەوە و تیۆرەکانیان لەسەر بنەمای جەستەیەکی زیندوو جووڵا و بنیات نا، دەوڵەمەندیی جەستە لە نمایشی شانۆیی لە ئاستێکدایە کە زۆرترین قسە و باس هەڵدەگرێ، لەبەر ئەوە بۆ زیاتر ڕۆچوون بەنێو لایەنە شاراوەکانی جەستە، توێژەر پرسیاری توێژینەوە بەو جۆرە دەوروژێنێ، چۆنیەتیی بەشدارییەکانی جەستە لەنمایشی شانۆییدا؟

**گرنگی توێژینەوەکە:** توێژینەوەیەکە لە گرنگی جەستە دەکۆڵێتەوە بەگشتی، و بەتایبەتی جەستە لە نمایشی شانۆییدا، هەروەها گرنگیی جەستە لە ڕووی هێزی و دەلالی و جوانییەوە تاوتوێ دەکات، هەروەها سوودبەخشە بۆ دەرهێنەران و ئەکتەرانی بواری شانۆ و ڕەخنەگرانی شانۆ، لەگەڵ قوتابیانی بەشی شانۆ لە پەیمانگە و کۆلێژی هونەرە جوانەکان.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتییە لە: بەشدارییەکانی جەستە لە گوتاری نمایشی شانۆییدا.

**سنووری توێژینەوەکە:** سنووری کات: ٢٠١٠، سنووری شوێن: هەولێر، سنووری بابەت: بەشدارییەکەنی جەستە لە نمایشی شانۆییدا.

## دیاریکردنی زاراوەکان

### گوتار

گوتار ئەو «یەکە تەواوکارییەی کە بەرفراوان دەبێ و نوێنەرایەتی زیاتر لە ڕستەیەک دەکات، بۆیە شیکاری گوتار بۆ ئەوان بریتییە لە مانای لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیەکانی نێوان یەکە زمانەوانییەکان، چ نووسراو بێت یان زارەکی» (نیتشە،١٩٧٣،لاپەرە ١٣)، و پێناسەکراوە بەوەی کە «گوتار قسەکردنە یان نووسینە کە لە ڕوانگەی بیروباوەڕ و بەها و ئەو وتانەوە سەیر دەکرێت کە بەرجەستەی دەکات، ئەم بیروباوەڕ و بەهایانە نوێنەرایەتی ڕێگایەک دەکەن بۆ ڕامان لە گەردوون، و ڕێکخستن، یان نیشاندانی ئەزموون» (میلز،٢٠١٦، لاپەرە١٧)؛ توێژەر وای دەبینێ گوتار لەگەڵ جیاوازی لە ئاستەکانیدا (بیستراو و وێنەیی) توانای دروستکردنی بیرکردنەوەیە لە جیهان و گەردوون و

ژیـان، و بـەم شـێوەیە قووڵبوونـەوەی هزرییـە لـە بیروبـاوەڕ و ڕێکخسـتندا.

هەروەهــا دایــان مەکدۆنێــل پێناســەی دەکات «کــە لێکۆڵینـەوە لـە گوتـار مـەودای ڕەچاوکردنـی ماناکانـی فراوانـتر کـردووە، مانـاکان چیـتر سـنووردار نیـن - وەک لـە ڕوانگـەی هەندێـک لێکۆڵینـەوەدا هەیـە - بـە پرۆسـەکانی قسـەکردن و نووسینشـەوە، یـان تەنیـا لـە خۆیـان دەگرێـت، بەڵکـو ئـەم چوارچێوەیـە تـێ دەپەڕێنـێ بـۆ مەودایەکـی گشـتگیرتر و پێشـوازی کـراو، کـە بـواری نیشـانەکانە بـە نازارەکییەکانیشـەوە، و بـەم جـۆرە هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە ئاماژەکـراون دەخزێنـە نێــو گوتــار، و بــەم جــۆرە هــەر پراکتیزەیەکــی فەرمــی... و هــەر تەکنیکێــک کــە تێیــدا لــە ڕێگەیــەوە بەرهەمێکــی کۆمەڵایەتـی بـە دەسـت دێـت کـە مانـاکان پێـک دەهێنێـت و ئـەم مانایانـە بـە بەشـێک لـە گوتـار دادەنرێـت» ( مکدونیـل، ٢٠٠١، لاپـەرە ٩) ئاماژەکـراو بـە تەنیـا گوتـار پێـک ناهێنـێ، بەڵکـو بەشـێکە لێـی، ئاماژەکـراوەکان بەشـدارێکی ڕاسـتەوخۆن لــە دروســتکردنی گوتــار، بــە واتایەکــی دیکــە ئاماژەکــراو خـۆی گوتارێکـی وێنەیـی بیـنراوی پوختـە، لـە لایەکـی تـرەوە پێناســەکردنی گوتــار لەســەر بنەمــای عەقڵانــی ڕەخنــەی ئەدەبـی مۆدێـرن هەژماردەکـرێ بـە «بیرۆکـەی بنچینەیـی لـە ڕەخنـەی ئەدەبـی مۆدێـرن و هـەر کام لـەم گوتارانـە شوناسـی تایبەتـی خـۆی هەیـە کـە دەبێـت لێـی بکۆڵرێتـەوە و پێناسـە بکرێــت و لێــی تێبــگات» ( بــارت، ١٩٨٦، لاپــەرە ٦٠).

لــە لایەکــی تــر وا دانــراوە گوتــار «دەقێکــە نووســەر بــۆ کەسـێکی تـر نووسـیویەتی، هەروەهـا پێـی دەوترێـت پەیـام، گوتـار هەواڵێـک لەخـۆ دەگرێـت کـە پەیوەنـدی بـە هـەردوو لایەنــەوە هەیــە، و گوتــارەکان لــە ســەرەتاوە کــورت بــوون، دواتــر نووســەر بــە شــێوەیەکی بەرفراوانــتر کاری لەســەر کـردووە تـا بۆتـە هونەرێکـی سـەربەخۆ، نووسـەرەکەی گرنگـی پــێ داوە، ڕەنگــە مــرۆڤ گوتارەکــەی بــە شــێوەی شــیعر بنووسـێت، بـەڵام بەناوبانگترینیـان ئەوەیـە کـە گوتارەکـە بـە شـێوەی پەخشـان بێـت» (التونجـي، ١٩٩٩، لاپـەرە ٤٠٢)، بـەڵام دەقەکانــی شەکســپیر بەشــێوەی شــیعر نــووسراون، هەربۆیــە گوتــار لــە شــیعر و پەخشــاندا بوونــی هەیــە، نــووسراو و تەنانــەت لــەوەش زیاتریــش گوتــاری ئایینــی و سیاســی و کۆمەڵایەتـی و پەروەردەیـی هەیـە. «گوتـار شـتێکە جگـە لـە خـۆی شـتێکی تـر بەرهـەم دەهێنێـت، (قسـەکردن، رامـان، مانـا) هیـچ شـتێک لەنـاو ئـەودا بوونـی نییـە و دەتوانرێـت بــە جیــا شــیکاری بکرێــت، و دەکرێــت بنیاتێکــی لۆژیکــی بدۆزرێتــەوە کــە لــە ئەنجامــی ڕێکخســتنی بیرۆکــەکان و بۆچــوون و ڕامانــەکان و چۆنیەتیــی بیرکردنــەوە و ڕەفتــار ســەرچاوەی گرتــووە، کــە لــە چوارچێوەیەکــی دیاریکــراودا ســەرهەڵدەدەن» (میلــز،٢٠١٦، لاپــەرە ٣٠).

پێناسـەی ڕێـکاری: لەژێـر ڕۆشـنایی ئـەو پێناسانەی سـەرەوە بـۆ گوتـار، توێـژەر گەیشـتە پێناسـەیەکی ڕێکارانـەی گوتـار:

گوتـاری نمایـش لەگـەڵ هەمەجـۆری ئـەو تەکنیکانـەی کـە لـە نمایشـدا بەکارهێـنراون دەگۆڕێـت، ئەمـە جگـە لـە بنەمـای نمایـش کـە ڕەنگـە بەشـێکی دانەبـڕاو بێـت لـە گوتـار، بۆیـە گوتـاری شـانۆیی گوتارێکـی دووانـە و تێکـەڵ و کارلێککارانەیـە، و مەبەسـتیەتی وێنـە ئەدەبیەکانـی وشـە بـۆ وەرگـر بەدەسـتب هێنـێ، و وێنـە ئیسـتاتیکییەکان کـە بەشـدارن لـە دروسـتکردنی سـینۆگرافیا، و جووڵـە کـە بەهـای کرۆکـی گوتـار لـە نمایشـدا پێـک دێنێـت، بـەو پێیـەی لەگـەڵ ڕیتمـە ڕەنگـی و دەنگـی و بینراوەکانـدا تێکـەڵ بـووە، بـەم شـێوەیە گوتـاری شـانۆیی تێکرایەکــی تــەواو و و تێکــەڵاو و یەکگرتــووە بــە مەبەســتی هەڵهێنجانــی مانایــەک، گوتــاری دووانــە لــە نێــوان دیــار و نادیاردایـە، لـە نێـوان گشـتی و شـاراوەدایە، ڕەنگـە ماناکـە لـە نێـوان ئـەو دووانـەدا بێـت و بچـێ.

جەستە

گرنگیــی پێکهاتــەی «جەســتەی ئەکتــەر تەنهــا لــە ڕووی تیۆریــەوە لــە لایــەن بینــەرەوە هەســتی پێناکرێــت، بەڵکــو لــە ڕێگــەی جووڵــەوە بــۆ جارێــک بەرکەوتنــی دەبــێ لەگــەڵ یــادەوەری جەســتەیی بینــەر، وە هێــزی جــووڵاو، وە قەبوڵکردنـی خودیـی» (بـاقي,٢٠١٥ , لاپـەرە ١٤٩). لـە لایەکـی دیکــەوە «جووڵــە و پێکهاتــەی جەســتە بــە کــرداری خاڵــی کۆبوونــەوەی هونــەری کاتییــە لەگــەڵ هونــەری فەزایــی» (الیــاس ,١٩٩٥, لاپــەرە ١٢). هەروەهــا «جەســتەی شــانۆیی تەنیـا جووڵـە و پێکهاتـە نییـە، بەڵکـو دەربڕینێکـی جەسـتەییە بریتییــە لــە گواســتنەوەی بیرکردنــەوە و هەســت و ســۆز لــە ئاسـتێکی ناوەکیـدا» (الیـاس ,١٩٩٥, لاپـەرە ١٢).

پێناسەی ڕێکاری جەستە: جەستە زمانە، وێنەیە، جووڵەیە، بەتایبەتی لە شانۆدا توانای گەیشتنی بە کرۆکی بابەتەکان هەیە، جا چ دەرەکی بن، یان ناوەکی، ئامرازی بەیەکگەیاندنی ڕەگەزەکانە.

**بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو**

**جەستە و فەلسەفە**

جەستە لەسەردەمی کۆنەوە لە بابەتەکانی فەلسەفەدا گرنگی زۆری هەبووە، بەتایبەتی ئەو کاتەی ئەفلاتون جەستەی لە ڕۆح جیا کردەوە، «رۆح ناتوانێت نزیک بێتەوە لە زانین مەگەر لە جەستە دوور نەبێت و لێی دانەبڕێت و لە خۆیدا کۆ ببێتەوە» (أفلاطون,٢٠١١ , لاپەرە ٢٤). کەواتە ئەو بە ئاستێکی نزم و چاوێکی سووک دەڕوانێتە جەستە، لە کاتێکدا ئەرستۆ کە قووڵ بۆتەوە لە بابەتی جەستە و ڕۆحدا هەوڵی داوە بەراوردیان نەکات، هەروەها یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ نەکات، بەڵکو هەوڵ دەدا هەردووکیان بە جەوهەری مرۆڤ دابنرێت.

میحوەری جەستە دوای ئەم قۆناغە و دواتریش گرنگییەکی زۆری هەبوو و دارشتنێکی هونەری وەرگرتووە، ئەگەر فەلسەفە لێکۆڵینەوە دەکات لە جەستە و پەیوەندییەکانی و ئەوانەیش کە دەکەوێتە دەرەوەی جەستە، ئەوا هونەر جەستەی کردە شوێنێک بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان و ڕەنگدانەوەی بیرۆکەکان کە لە جەستەدا دەسوڕێنەوە لە دەربڕین و دەرخستنی لایەنە جیاوازەکانی ژیان بە شێوەیەکی شکۆمەندانە، مامەڵەی لەگەڵ جەستە بە شێوەیەکی بەرفراوانە، بە شێوەیەک کە بڕێکی کەم نەبوو لە زانستدا بەگشتی و بەتایبەتیش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، جەستە بە ڕەهەندە فیزیکی و میتافیزیکییەکانەوە، مشتومڕێکی وروژێنەری فەلسەفی، فیکری، کۆمەڵایەتی و دەروونی نایەوە، بۆیە جەستە بووە هەڵگری کولتوور بە ژینگە مێژووییەکەشیەوە، بەو پێیەی جەستە بنیاتێکی کولتوورییە کە توانای ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی هەیە، واتە جەستە شاراوەی هەیە و لە ڕێگەی جووڵە و بەشەکانیەوە و پێکهاتە وێنەیی و ئاماژەکانی، کە دەبێتە هەڵگری گوتاری جۆراوجۆر، شاراوە و ڕاگەیەندراو، کە جەستە ملکەچی سیستەمە پراکتیکەکان دەکات، پاشان ئەرکەکەی دەرکەوتنە لە ڕێکخستن و پێکهاتە کولتورییەکان کە بە شێوازی جۆراوجۆر و دەردەکەوێت و بەشێوەی جیاواز گوزارشتی لێ دەکرێ، لەگەڵ ئەمانەشدا جەستە نێوەندگیری دەکات لە نێوان ئازارەکانی مرۆڤ و خودی خۆی و ئەوانی دی و سروشت دەکات، هەروەها جەستە شوێنی خۆی ڕەت ناکاتەوە بەڵکو بەر یەک دەکەون، بە مەبەستی گەیشتن بە ئەگەرێکی باڵاتر بۆ بەرجەستەکردنی ئەو حاڵەتانەی کە وروژێنەر و زیندوون، هەندێک لە فەیلەسوف و دەروونناسەکان جەستەیان کردە تەوەرێکی سەرەکیی بابەتەکانیان، هەروەک دیکارت کە لە وتە بەنێوبانگەکەیدا دەڵێت «من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم «. ئەمەش خۆی بۆخۆی دەسەڵات دانە بە هێزی بیرکردنەوە و عەقڵ، لە بەرامبەردا کەمکردنەوە و پەراوێزخستنی هێزی جەستەیە، ئەم بۆچوونەش پێچەوانەی ئەوەیە کە پێشتر ئاماژەی پێ کراوە، لەکاتێکدا ئەمە بەریەککەوتنی جەستە لەگەڵ عەقڵدا ڕەت ناکاتەوە. بەم جۆرە دیکارت جەخت دەکاتەوە کە دەڵێ «بیرۆکەیەکی جیاوازم دەربارەی جەستە هەیە، بەو پێیەی تەنها شتێکی درێژکراوەیە دوور لە بیرکردنەوە، سەلمێنراوە کە ئەم چرکەساتە، مەبەستم لە خودی خۆمە کە لە لایەن خودی خۆم و جەوهەرەکەمەوە ئەنجام دەدرێت، جیاوازە لە جەستەم بە تەواوی و بەڕاستی، و دەتوانێت بەبێ ئەو بێت یان بوونی هەبێت» (دیکارت،٢٠٠٩، لاپەرە ٢٤٩) بەم شێوەیە بۆچوونەکانی دیکارت لەسەر جەستە ڕوون بووەوە لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە دەستبەرداربوونی کاریگەرییەکانی تواناکانی هەستەکان و خەیاڵ چونکە لە دەرەوەی پرۆسەی دەروونی دەیانبینێت. مەسەلەکە تەنها لە یەک فەیلەسوفدا سنووردار نییە، بەڵکو بۆچوونی دیکەی دژ بە یەک هەیە. بۆ نموونە فەیلەسوف (باروخ سپینۆزا ١٦٣٢-١٦٧٧)، کە لێکدانەوەیەکی جیاوازی بۆ چەمکی خودا خستە ڕوو، کە لەڕێگەیەوە گەیشتە دەرەنجامێکی نوێ و جیاواز بۆ تێگەیشتنی لە مرۆڤ، کاتێک گەیشتە ئەو بروایەی کە سروشت پەیوەستە بە بوونی دروستکەری گەورە، وەک چۆن ئەم دووانەیە

ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕۆح و جەستەدا هەبوو، کە ناوی لێ نابوو یەکێتیی بوون، بەو پێیەی کە مرۆڤ بە ئیرادەی دروستکەر دروست بووە، و ڕۆح لە جەستە گەورەتر نییە و پێچەوانەکەشی راستە، ئەم دووانەیە ئاسۆیەکی روونتری کردەوە بۆ چەمکی جەستە، وەک دەڵێت: «بەو ئەنجامە گەیشتووین کە ڕۆح لەگەڵ جەستەدا یەکگرتووە لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییەی کە جەستە بابەتی ڕۆحە، دواتریش دەبێت بیرۆکەی ڕۆح لەگەڵ بابەتەکانی یەکگرتوو بێ، و بە هەمان هۆکار، یاخود دەبێ لەگەڵ ڕۆحدا یەکگرتوو بێت بە هەمان شێوەی ڕۆح لەگەڵ جەستەدا» (سبینوزا،٢٠٠٩، لاپەرە ١١٠)، بەم شێوەیە چەمکێکی نوێی جەستەی لەخۆ گرت، بە ڕەهەندە فیزیکی و میتافیزیکییەکانی، بۆ ملکەچبوونی بەرامبەر عەقڵ کە پێش خۆی زاڵ بوو. بەڵام فریدریک نیچە (١٨٤٤-١٩٠٠) کە بیرۆکەکانی تایبەتمەندیی یاخیبوونی پێوە دیار بوو، بەو پێیەی لە لایەک جەستەی بەهێز و ئیرادەوە بەستەوە و لە لایەکی دیکەش ڕووبەڕووبوونەوەیەک لە دژی میتافیزیک، بە واتایەکی تر نیچە ڕووبەڕووی فەلسەفەی ئایدیالیستی و ئایینی بووەوە، کە بە ساختەیان دەزانێت و هیچ شتێک لە زەوی و دانیشتووانەکەی گرنگتر نییە، بۆیە داوای مرۆڤێکی تەواوی دەکرد، کە بە (سوپەرمان) ناوی دەبرد، وەک چۆن جەختی لەسەر گەورەیی جەستە بەرامبەر عەقڵ و جیاکاری لە نێوانیان کردەوە، و لەم ڕووەوە دەڵێت: «خود کە داهێنەرە خۆی ڕێز و ریسوایی دروست کردووە وەک چۆن چێژ و ئازاری دروست کردووە، جەستەی داهێنەر عەقڵی وەک خزمەت و هاوکار بینیوە کە بە ویستی ئەو دەجولێ» (نیتشە،٢٠١٤، لاپەرە ٦٢)، بەم شێوەیە نیچە فەیلەسوف، جەختی لەسەر ئیرادەی جەستە کردەوە، کە توانای ڕووناککردنەوەی ڕێگاکانی هەیە وەک چۆن عەقڵ دەیکات، کە ئیرادەی جەستە بە ڕەنگی واقیع، یان جیهانی ڕواڵەت جیا دەکرێتەوە، نەک وەهم یان خەون، کە تەنها جەستە دەگرێتەوە نەک دووانەی ڕۆح و جەستە، بەم شێوەیە جیهانی ماددی بۆ نیچە نوێنەرایەتی هەموو بوون دەکات، و جەستەی کردووە بە سەرچاوە و جەوهەری بوونی مرۆڤ و لە ڕوانگەی ئەوەوە ڕەنگە جەستە عەقڵێکی گەورە بێت وەک چۆن عەقڵ دوای جەستەدا دێت.

سەبارەت بە مۆریس مێرلۆپۆنتی (١٩٠٨-١٩٦١)، ئەو بۆچوونە فەلسەفییەکەی خۆی خستە ڕوو، بوونی بە خودی بیرمەند، یان بە ئاگاییەوە بەستەوە، بەڵکو پێی وابوو کە ئاگایی لە خود قەتیس کراوە و گوزارشت لە بوونی جەستە دەکات، واتە پەیوەندییەک لە نێوان هۆشیاری و جەستەدا هەیە کە بە سیستەمێکی مەعریفی دادەنرێت. و ئەوەش لەسەر بنەماکانی فەلسەفەی دیاردەناسی یان زانستی دیاردەکان (فینۆمینۆلۆژی) دامەزراوە، کە گرنگی بە مەبەستداریی ئاگاییەوە دەدات بۆ جیهان کە لە ڕێگەیەوە واقیعی کۆمەڵایەتی بەدی دەهێنێت و مانا بۆ هەموو شتێک هەڵدەهێنجێ، مێرلۆپۆنتی گەڕانەوەی بۆ جیهانی پێش مەعریفە بە باشتر دەزانێ یاخود گەیشتن بە بنەما، بە واتایەکی دی شتە سادەکان وەردەگرێت نەک لە قۆناغەکانی ئاڵۆزبوونیدا، و ئەوەش کارئاسانییە بۆ دەرککردن بە شێوەیەکی دروست، و ئەرکی دەرککردن بریتییە لە ڕێکخستنی مەعریفە، و لە ڕێگەیەوە بەرجەستەکردن و پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان واقیع و مومکین دروست دەبێت کە ئاگایی ببێتە بەشێک تێیدا، چونکە مێرلۆپۆنتی ئاگایی و جەستە جیا ناکاتەوە، هەر بۆیە جەستەش ئاگاییە، و بەم شێوەیە بیرۆکەی (دیکارت)ی لە سەروەری عەقڵەوە گۆڕی بۆ سەروەری جەستە، چونکە تێگەیشتنی جیهان دەچێتە پاڵ یەک، بۆیە «تیۆری وێنەیی جەستە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تیۆری دەرککردنە، ئێمە دیسانەوە فێر بووین هەست بە جەستەی خۆمان بکەین و لە ژێر مەعریفەی بابەتی و جیاوازیی جەستەدا، ئەو مەعریفەیەی کە خاوەنداریێتی دەکەین لەبەرئەوەی ئێمە جەستەین، و پێویست بوو بە هەمان شێوە، ئەزموونی جیهان بە ئاگا بێ وەک ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت ئێمە لەو جیهانەین لە ڕێگەی جەستەوە، بەو پێیەی کە ئێمە لە ڕێگەی جەستەمانەوە دەرک بە جیهان دەکەین» (میرلوبونتي،١٩٩٨،لاپەرە ١٧٥)، گومانی تێدا نییە کە جەستە جوولەی هەیە، و بە دڵنیاییەوە جەستە هێزی ئەوەی هەیە بە گریمانە جووڵە

و بینین ئەنجام بدات و لە ڕێگەی ئەوانەوە ڕوانگەی جیهان بە هۆی جوولە و ئاراستە کردنەوە بگۆڕێت، پاشان میشێل فۆکۆ (فۆکۆ ١٩٢٦-١٩٨٤) تارادەیەک لەگەڵ نیچە هاوڕا بوو، لەڕێگەی ڕێباز و تێزەکانیەوە داوای گرنگی جەستەی کرد و بەستنەوەی جەستە و کارەکانی لە بواری مەعریفە و زانستدا خستە پێشەوە، مامەڵەی لەگەڵ جەستە و دەسەڵاتدا کرد وەک چۆن هەوڵی دا لە پەیوەندیی جەستە بە گوتاری سیاسی کە نوێنەرایەتی دەسەڵات دەکات تێ بگات، و چۆنیەتیی مومارەسەی دەسەڵاتی جەستە لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا، وەک ئەوەی پێی وایە دەسەڵات و مەعریفە هەرگیز لە یەکتر جیا ناکرێتەوە، و جەستە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ مەعریفەدا هەیە، هەروەک لە بوارە جیاوازەکانی: مێژوویی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی جێگیر کرابوو. وەک چۆن جەستە لە بوارەکانی مەعریفەدا بوونی هەیە، بەهەمان شێوە «جەستە لە مەیدانی سیاسیشدا نوقم بووە و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتیش ڕاستەوخۆ تێیدا کار دەکەن، بەکاری دەهێنن، ئاسایی دەکەنەوە، ڕاستی دەکەنەوە، ئازاری دەدەن، ناچاری دەکەن بۆ کردارەکان، ناچاری دەکەن بۆ ڕێوڕەسمەکان، و داوای لێ دەکەن، ئەم بەگەڕخستنەی جەستە بەستراوەتەوە، بەپێی پەیوەندییە ئاڵۆزەکان و گۆڕینەوەکان» (فوکو،١٩٩٠،لاپەرە ٦٤)، لەم ڕووەوە فۆکۆ ئەو تێگەیشتنە ئەفلاتونییە تێ دەپەڕێنێت دەربارەی گەیشتنی ڕۆح بە مەعریفەی ڕۆح، کاتێک لە جەستە دوور دەکەوێتەوە، لەبەر دەم دیکارتدا وەستاوە کە خود بە بەهای عەقڵەوە دەبەستێتەوە، بەجۆرێک کە گومان دەکات و بیر دەکاتەوە، لە بەرامبەردا جەستە لە دەرەوەی ئەم پرۆسانەدایە، بەڵکو گرنگییەکەی بۆ جەستە تا ئەو ڕادەیە کە لەگەڵ مەعریفە تێکەڵی دەکات، بەمەش فۆکۆ بوو بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسی جەستە، کاتێک چالاکییەکانی جەستە بە کۆمەڵگاوە پەیوەست دەکات، جا چ لە ڕوانگەی مێژوویی، یان کولتوورییەوە بێت، و فۆکۆ بە دوای هۆکارەکانی سنووردارکردنی جەستەدا گەڕا، کە دەبێتە هۆی سنووردارکردنی عەقڵ، چونکە سنووردارکردنی دەروون ڕێگری لە جەستە دەکات لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی.

**جەستە و نمایشی شانۆیی**

لەژێر ڕۆشنایی ئەوانەی پێشوودا، پێشنیاز و بۆچوونی فەیلەسوفەکان لە بواری هونەری بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی هەبوو، بە جۆرێک شانۆکارەکان پشتیوانی فەیلەسوفەکانیان دەکرد و بۆچوونەکانیان لە بواری شانۆدا بەکار دەهێنا، ئەکتەر لە شانۆی پۆستمۆدێرن لە هەمان کاتدا جەستەی خۆی بە شێوەیەکی کارا لە ڕووی: دەربڕین، ڕەمزی، فیکری، فەلسەفی، هونەری بەکار دەهێنێت، لایەنی وەزیفی ئەرکی خۆی هەیە و لە ڕێگەی پاڵاوتنێکی جوانی هونەرییەوە دەچێتە ناو سیستەمێکی توندوتۆڵ لەگەڵ لایەنی دەربڕین و فیکری و فەلسەفیدا. بەمەش ئەکتەر ساتەکانی جوانی و هونەری دەدۆزێتەوە و دەبێتە لایەنێک لە چۆنیەتیی ناردن و چۆنیەتیی پەخشکردنیان بە شێوەیەکی ڕێکخراو و کە جیاوازتر لە لایەنی وەزیفی، و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆگاکردنی ناوخۆیی ئەکتەر و ئەزموونەکان و زیرەکی و شارەزایی و بەرفراوانکردنی خوێندنەوە و خەیاڵەکانی لە پێکهێنانی هێما جەستەییەکان و پاڵنانیان و بەستنەوەیان بە بابەتەکە، جا چ ئایکۆنی بن، یا ئاماژەیی یان هێمادار بن، جەستە بەو شێوەیە وەسف دەکات کە هەمان پیتە سواوەکان نانووسێت، بەڵکو لە ڕێگەی جوولە و پەیوەندی و ئاماژەکردنەوە پیتی نوێ دروست دەکات و نووسینی جەستەیی لە تۆڕێک لە پەیوەندی نێوان ئەندامانی جەستەی خۆی و جەستەی ئەکتەرەکانی دی پێک دێت کە بەشدارن لە بەرجەستەکردنی ساتەوەختە جوانییەکان و داهێنەرەکان، لە ڕێگەی چاودێریکردنی ئەکتەر بۆ کەسایەتییەکە لە لایەک و لە لایەکی تریش ئەو جەستانەی کە لێیەوە نزیکن، بەمەش وەزیفەی جەستە لە ڕێگەی ئەکتەر و تەکنیکی بەرهەمهێنانی بینراوەکانە لە نەبینراوەکاندا، سەرباری دیاردەی نواندن و زمانی جەستە کە هێزی بەیەکگەیاندنی خۆی و وەرگرەکەیەتی.

بەشێوەیەکی ئیستاتیکی و هونەری تا ئەکتەر گوزارشت لە هزری فەلسەفی بکات، جەستە توانای جوولە و دەربڕین و ناردن و بارگاویکردنەوەی لێکدانەوەی لە

هەمان کاتدا هەیە، لە لایەکی تریشەوە جەستەی جێگیر هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەجووڵێت یان جووڵە نیشان دەدات بەجۆرێک لەجۆرەکان، شێوەکانیش لەگەڵ گۆڕانی جووڵە و ڕوانگەدا دەگۆڕدرێن، ئەمانە هەمووی لە ڕێگەی جەستەوە دەبن، جا چ جەستەیەکی تاک بێت، یان جەستە پێکهاتەییەکان، گومانی تێدا نییە کە جەستە مێژوو و کولتوورێکی درێژخایەنی هەیە، جا چ لە ژیاندا بێت یان لە هونەر و شانۆدا بە تایبەتی، لەبەر ئەوە گرنگی تایبەت بە جەستە دراوە جا چ لە ڕووی گوزارشت بێ یا واتایی، دەرهێنەرانی مۆدێرن و پۆستمۆدێرن لە ڕێگەی جەستە و شێوە و وێنە بیناوەکان بەگشتی ڕووبەڕووی وەرگر دەبنەوە، لەکاتێکدا ئەوە تایبەتمەندییەکی شانۆی پۆستمۆدێرنە کە پشت بە وێنەی ئیستاتیکی، جووڵاو، تاکلایەنە و دووانە و بەکۆمەڵ دەبەستێت لەهەمان کاتدا لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا جیاوازی لە بۆچوونەکانی دەرهێنەرو تیۆریستە دیارەکان بەدی دەکرێت، کە گرنگترینیان بە بۆچوونەکانیان لە بواری جەستە دەخرێتە ڕوو.

دەرهێنەری ڕووسی (فسیفۆلۆد مێیرهۆڵد ١٨٧٤-١٩٤٠) یەکێکە لەو تیۆریستانەی کە سەرنجی شانۆکارانی پۆستمۆدێرنی ڕاکێشاوە، خۆی لە تەکنیکی وەهمیی شانۆیی بە دوور گرت و مۆدێلێکی تەکنیکی جیاوازی لەسەر بنەمای ئەکتەر و پێکهاتە بیناوەکاندا داڕشت، وەک چۆن هەوڵی بەرجەستەکردنی شانۆیەکی شێوەئامێز و پشت بەستوو بە جەستەی ئەکتەر و پێکهاتە جەستەییەکانی نێوان ئەو فۆرمانەی لەبری دیکۆری تەقلیدی، ئاماژە دەکەن بەو مادادنەی جێگرەوەی بوون کە دەبنە هێما و واتاگەلێک پێک دەهێنن کە دەتوانرێت بگوازرێنەوە و بگەیەنرێنە وەرگر، بەم شێوەیە ئامادەکاری دەکات بۆ واقیعێکی جیاواز لە ڕیالیزمی دەروونی، کە بە ناوی ڕیالیزمی ئەفسوناوی ناوزەدی کرد، کە دەبێتە جێگرەوەیەکی واتایی بۆ هەموو پێکهاتە جەستەییەکان لە تابلۆ و پێکهاتەکاندا. بەم شێوەیە بوار بۆ ئەکتەر فراوانتر بوو بۆ ئەوەی وزەی جەستەیی و جووڵەیی خۆی بسەپێنێت و کارلێک بکات لەگەڵ پانتایی و پرسی ئاگایی، یا ناردنی فۆرمەکانی مەعریفی کە تەنراون بە واتای سیاسی و کولتووری، وەک خۆی وای دەبینێ کە پێویستمان «بە وێنە کێشانی جووڵە لەسەر تەختەی شانۆ هەیە، بۆ ئەوەی بینەر لە دۆخی چاودێری بە تێڕوانینێکی تیژ سەرسام بکەین» (مایرخولد،١٩٧٩، لاپەرە ٧٧)، و ئەمەش لە ڕێگەی جەستەی جووڵاوی ئەکتەرەوە دەبێت، کە لە لایەن مێیەرهۆڵدەوە بە جەستەی پلاستیکی (بایۆمیکانیک) ناسرا بوو، کە توانای جووڵەی بە شێوەیەکی نەرم و ڕێکخراو و هەماهەنگ هەیە بۆ ناردنی مانا، یان گوتار بە شێوەیەکی ئیستاتیکی و هونەری، بەو پێیەی شانۆی پۆستمۆدێرن لە هەمان کاتدا بە دوای خێرایی بەرجەستەکردن و خێرایی تێگەیشتندا دەگەڕێت، لە یەک کاتدا ڕەنگدانەوەی واقیعی سەردەمە کە هاوتایە لەگەڵ شانۆی مێیەرهۆڵد، کە نیگەرانی مرۆڤی مۆدێرن دەوروژێنێت.

(ئەنتۆنین ئارتۆ ١٨٩٦-١٩٤٨) پێشەنگی شانۆی توندوتیژی کە پێش سەردەمی خۆی و بیرۆکەی هاوچەرخەکانی کەوت بوو، پێی وابوو کە شانۆ جیهانێکی ئەفسوناوییە، کە لەگەڵ ڕەگەزەکانی نمایشی شانۆیی بە شێوەیەکی جیاواز کارلێککەر بوون بەراورد بە کەسانی پێش خۆی، یان باشتر بڵێین بەرەو فۆرمێکی تازەو شانۆیەکی نوێی نازارەکی دەڕوات، وەک چۆن هەوڵی دا زمانێکی نوێ لەخۆ بگرێت شتە باوەکان تێپەڕێنێ بە مەبەستی بەرجەستەکردنی جیهانێکی سروتئامێز و چڕ کە پشت بە خەون دەبەستێ، لە ڕێگەی کرداره دەرەکییەکانەوە، هاوتاکردن، یان هاوکاتبوون لەگەڵ کارەکتەرەکان لە نائاگایی وەرگردا، و نزیکبوونەوە لە جیهانێکی میتافیزیکی، ئارتۆ خەونی بوو کە جەستەی شانۆ بگۆڕێ، جەستەیەکی جێگیر بە جەستەیەکی جووڵاو، مەبەستیش تێیدا دەرچون بوو لەهۆڵ بۆ شوێنی کراوە یا داخراو وەک باخچە و کارگە بەپێی پێویستی ڕووداوەکان، ئینجا وردی لە جووڵە و نواندن و هەموو شتەکان، دواتریش ڕێکخستنی هەموو ڕەگەزەکان تا لە ژاوەژاو دوور بێ، و شوێنێک بۆ ڕێکەوت دانانێت و هەموو شتێک بە شێوەیەکی زانستی ڕێک دەخات، ئارتۆ جەستەی قەبەی بەکار دەهێنا لە شانۆکەی بە مەبەستی گەورەکردنی دۆخەکان، و سەرسام

بــوو بــە ســەمای رۆژهەلاتــی و پشــت بەســتوو بــە ســەما و «زمانــی بیــنراو، زمانــی شــتەکان، جووڵــە و وەســتانەکان، بــەڵام بــەو مەرجــەی مانــا و فــۆرم و درێژکــراوەی نیشــانەکان بــن، واتــە ئێمــە لــەم نیشــانانە جۆرێــک لــە پیتــی ئەلفوبــێ دروســت بکەیــن» (آرتــو،١٩٧٣، لاپــەرە ٧٨)٬ و زمانــی بیــنراوی شـێوەکارییانە لـە بـاوەڕی ڕاسـتگۆییەوە بـە خەونـی گوڵڕەنـگ بــە لــە بینینــەکان بــەدی دێــت، و جووڵــە بــە ئامــاژە یــان ئاماژەپێکــراو دادەنرێــت، کــە بەشــی ماددییــە لــە شــانۆی توندوتیــژی، و ئەکتــەر بــە گرنگتریــن ڕەگــەزە شــانۆییەکان بــەو پێیــەی فــەزا پــڕ دەکات بــە جووڵــە و وەســتانەکان و کارلێــک لەگــەڵ خــۆی و لەگــەڵ ئەوانــی تــردا، و لــە ڕێگــەی جەســـتەیەوە سروتـــە ئەفســـوناوییەکان و واتایـــی و ڕەمـــزی و هونــەری و ئیســتاتیکییەکان دەنێرێــت، لــە لایــەک و لــە لایەکــی دیکــەوە، زمانــی قســەکردن بەتــەواوی ڕوون دەکات لــە دەربڕینــی وشــەکان، بەڵکــو زیاتــر ئەکتــەر بــۆ ئــەوەی وشـــەکان بڵێتـــەوە و گوزارشـــت بـــکات وەک ئـــەوەی لـــە خەونێکـدا بێـت، بـەو پێیـەی کـە جەسـتەی ئەکتـەر لـە ڕووی زانسـتییەوە ئاماژەیەکـی ڕێکخـراوە، و بەمـەش ئارتـۆ بەرزتـر دەردەکــەوێ لــە بەرجەســتەکردنی زمانێکــی نوێــی نــەرم و نیـان و ئاسـان و خـاوەن تایبەتمەندیـی هێماییانـە بـۆ وەرگـر.

دەرهێنــەر (جیــرزی گرۆتۆڤســکی ١٩٣٣-١٩٩٩) کــە بــە یەکێـک لـە دەرهێنـەرە دیـارەکان دادەنرێـت لـە ئەزموونـی شـــانۆ و خاوەنـــی شـــانۆی هـــەژارە، بـــە دیارتریـــن کـــەس دادەنرێـت کـە گرنگـی بـە پرسـی جەسـتە دەدات، سـەرنجی لەســەر ئەکتــەرە بــە شــێوەیەکی ســەرەکی و پێکهاتەکانــی تــر فەرامــۆش دەکات و وردە وردە دەســتبەرداریان دەبێــت، بــە مەبەســتی گەڕانــەوە بــۆ ســەرچاوەی شــانۆ و کاریگــەری زیاتــر لەســەر بینــەر دروســت دەکات، پێــی وایــە کــە شــانۆ سروتــە، و لەبــەر ئــەوەی گرۆتۆڤســکی کاری لەســەر زمانــی جەســتە و زمانێکــی پێکهاتەیــی کــردووە لــە نێــوان تەختــەی شـانۆ و جەسـتەی ئەکتـەرەکان لـە لایـەک و لـە لایەکـی دیکـە لــە نێــوان جەســتەی ئەکتــەر و جەســتەی وەرگــردا، ئەکتــەر بــە جووڵــە و وەســتانەکانی هەڵوێســتەکان دروســت دەکات بــە پشتبەســتن بــە جەســتەی خــۆی، و ئــەوەش گوتارێکــی جەسـتەیی تـەواوە کـە تێیـدا گرۆتۆڤسـکی لـە ناردنـی گوتـارە مەبەسـتدارەکان سـەرکەوتوو بـووە، گرۆتۆڤسـکی لـەم ڕووەوە دەڵێـت «جەسـتەی ئەکتـەر هەمـوو ڕەگـەزە بینراوەکانـی تـر دروســـت دەکات» ( کروتودســـکي،١٩٨٢، لاپـــەرە٣١)٬ ئەمـــەش پاڵنەرێکــی بەهێــزە بــۆ ئــەوەی جووڵــە و کــردارە ناوکییــەکان ڕێــک بخرێــن بــۆ سیســتەمێکی بیــنراو، بــەو پێیــەی جووڵــەی ناوەکــی و دەرەکییەکانــی جەســتە تەواوکــەری یەکــترن بــۆ ئــەوەی هاوســەنگیی نێــوان کــردارەکان بەرجەســتە بکــەن، و دەبێـت بەشـداری لـە جووڵـە و کردارەکانـدا بکـەن تـا ئـەو ڕادەیـەی کـە کردارەکـە بـە تەکنیکێکـی ناوەکـی و دەرەکیـدا تێدەپەڕێـــت، هەرکاتێـــک کـــردارە ناوەکییـــەکان ئەنجـــام دەدرێــن، دەبێــت بگاتــە دەرەوە، و لــە دەرەوە بــۆ نــاوەوە بــە هەمــان پرۆســە، بــەم شــێوەیە خوولانەوەیەکــی بــەردەوام لەنێـــوان هـــەردوو لایەنـــدا دروســـت دەکات، بەکارهێنانـــی ڕســـتەکانی جەســـتە و کۆدەکانـــی یەکێـــک بـــوو لـــە کارە گرنگەکانـی، چونکـە تیـۆری خـۆی لەسـەر سیسـتەمی کـۆد بـۆ کۆمەڵێـک نیشـانە بنیـات نـاوە بـۆ ئـەوەی بگاتـە ئەودیـوی ئەزموونــی مــرۆڤ کــە نــاوی لــێ نــا یــادەوەری جەســتەیی، لەلایەکـی تـرەوە گرۆتۆڤسـکی گرنگـی بـە دەمامـک دەدا، بـە پشـت بەسـتن بـە ماسـولکەکانی دەموچـاو بـۆ دەربڕینـی ئـازار و پێداویسـتییەکانی مـرۆڤ بـە شـێوەیەکی تـەواو هونـەری، تـا ئـەو کاتـەی کاری لەسـەر جەسـتە دەکـرد بـەو ڕادەیـەی کـە لـە هونـەری جەسـتەدا بگاتـە لووتکـە، لەبـەر ئـەوە کارەکانـی بــە دەقــی جەســتەیی دادەنرێــت، بەهــۆی ئــەو گرنگییــە زۆرەی بـۆ جەسـتەی ئەکتـەری هەبـوو، لەبـەر ئـەوە ئەکتـەر دەبێتـە جێگـرەوەی نووسـەر بـەو پێیـەی نووسـینی جەسـتەیی زیاتـر کاریگـەرە و کاریگـەر دەبێـت.

(یۆژینــۆ باربــا 1936– لــە ژیاندایــە) یەکێــک لــەو دەرهێنەرانــەی کــە پشــکیان هەیــە لــە پەرەســەندنی بەشـدارییەکانی جەسـتەدا، و پاڵنـەرە بـۆ تێگەیشـتنی چۆنیەتـی بەکارهێنانــی زمانــی جەســتەیی کــە توانــای بەرجەســتەکردنی هەیـە لەحاڵەتـە ناوخۆیـی و دەرەکـی و، مێژوویـی و، دەروونـی و، هێـمادار و واقیعییەکانـدا، جەسـتە بـە شـێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ توانـای دەربڕینـی هەیـە بەبـێ ئـەوەی پەنـا بـۆ ڕەگەزەکانـی دیکـە ببـات، جەسـتە زەق دەردەکەوێـت و گوزارشــت دەکات خــۆ دەردەخــات، واتــا کــردەی جەســتەیی

ئەکتــەرە کــە بەکارهێنانــی پەیوەســتە بــە کولتــوور یــان کولتوورەکانــەوە، و بــەم شــێوەیە جەســتە دەگۆڕێــت بــۆ جەســتەیەکی ئەنترۆپۆلــۆژی کــە بەشــداری دەربڕینــە لــە کۆمەڵگا و کولتووره جیاوازەکان لـە ڕێگـەی زمانـی جەسـتەوە، و ئەکتەریـش دەبـێ بزانـێ چـۆن پەیوەنـدی لەگـەڵ بـارودۆخ و هەڵوێســتە مێژووییەکانــدا بــکات، بــەم شــێوەیە ئەکتــەر لــە ڕێگــەی جەســتەو ئــەم حاڵەتــە کولتــووری و کۆمەڵایەتــی و مێژووییانــە تێدەپەڕێنێــت و، دەقــی نووســەر و دەقــی دەرهێنەریــش تێدەپەڕێنێــت، بــۆ پێکهێنانــی جەســتەیەکی ئـازاد، چونکـە ئەکتـەر «خـۆی بـە شـێوەیەکی بەرجەسـتەکراو ڕزگار دەکــرد، لــە ڕووی کۆمەڵایەتــی و ئابوورییــەوە. ئــازاد بــوون بــە مانــا دەروونییــە ســواوەکە نــا، بەڵکــو بــە مانــای لۆژیکـی ئـازاد، یـان دەروازە ئـازادەکان، یـان ڕەنگـە بـە مانـای زمانـی ئـازاد بـێ» (باربـا،١٩٩٥، لاپـەرە ٤٦)،بـەم شـێوەیە باربـا هەوڵـد ەدات ئـەوەی ئـەو دیـوی زمـان بەرجەسـتە بـکات لـە ڕێگــەی بەکارهێنانــی ئیمپــرۆی جەســتەییەوە، و لــە هەمــان کاتــدا بەکارهێنانــی تەکنیکــی مۆنتــاژ، و جەختــی لەســەر داهێنانەکانــی ئەکتــەر کــردەوە کاتێــک جەســتەی ئەکتــەر دەبەســتێتەوە بــە بەهــا کــۆن و هەنووکەییــەکان لــە یــەک کاتـدا، لـە لایەکـی دیکـەوە، باربـا سـەرنجی لەسـەر جووڵـەی هێــمادار و نائاســایی بــوو، ســەرنجی لەســەر گێڕانــەوەی بیـنراو بـوو لەڕێگـەی جەسـتەی ئـازاد و بنیاتنانـی جووڵەکانـی ئەکتـەر، لەلایەکـی دیکـەوە کارەکانـی باربـا وەک دەرهێنـەر قووڵبونەوەیــە لــە بــەش و وردەکارییەکانــی کارەکــە لەگــەڵ جەســتە، لــەو بارەیــەوە باربــا بــاس لــە قۆناغــی پێــش گوزارشــت دەکات، بــە واتایەکــی دیکــە جووڵەکــردن لــە خۆیـەوە لـە لای باربـا بـە تـەواوی ڕەت دەکرێتـەوە، هەمـوو جووڵەیــەک لــە ســەرەتا بــێ یــا کۆتاییەکــەی هەژمارکــراوە لەسـەری و کارکـردن تیایـدا پێویسـتی بـە وردی زیاتـرە، چونکـە هەمـوو سـەرەتایەک ئامادەکارییەکـە بـۆ کۆتایـی، و کۆتاییـش ئامادەکارییەکـی نوێیـە بـۆ سـەرەتایەکی نـوێ، بـەم شـێوەیە کاری ئەکتەرەکانـی باربـا نزیـک دەبێتـەوە لـە بەرهەمهێنانـی واتـا و ناردنـی هێـما و دەربڕینـەکان.

جەسـتە بـە پێکهاتـە فیزیکییەکەیـەوە، ئامـاژە و هێـمای پەیوەندییـە مەعنەوییـە پەیوەسـتەکانە بـە بوارەکانـی مەعریفـە و مێــژووەوە، هەروەهــا لــە بــواری کۆمەڵایەتــی و دەروونــی و هونـەری و جوانناسـیدا کار دەکات، لـە ژێـر کاریگەریـی هـۆکارە فیکــری و سیاســی و ئابــووری و کۆمەڵایەتییەکانــەوە، گومــان لــەوە نییــە کــە جەســتە واتانــی پێشــکەوتن و بەرزبوونــەوە بـە گۆڕینـی وەزیفـەی هونـەرە بیـنراوەکان و لەگـەڵ فەلسـەفە و زانســت و هونــەر گەشــەی کــرد، جەســتە وەک ماددەیەکــە ئەکتــەرەکان لەســەری دەنووســن و وەرگــرەکان دەیخوێننــەوە، و لــە ڕووی جوانییــەوە زیاتــر کاریگــەرە و نزیکــە لــە هــەردوو لایەنـی فیزیکـی و میتافیزیکییـەوە، و لـە ڕووی ئیسـتاتیکییەوە ڕوونــترە و ئــەوەی کــە شــانۆی پۆســتمۆدێرن بەدوایــدا دەگەڕێــت، پچڕانێکــە لــە شــانۆی ئەرســتۆ، بەتایبەتــی لــە دژایەتـی لەگـەڵ دەقـی نـووسراودا، کـە ئـەوان بـە بەشـێکی گرنگـی نازانـن لـە شـانۆی پۆسـتمۆدێرندا، بەڵکـو لـە شـوێنیدا دەقێکــی جەســتەیی دادەنێــن، کــە لــە ڕێگــەی جووڵــە و وەسـتان و ئامـاژەکان گـۆ دەکات، لـە لایەکـی دیکـەوە جەسـتە پەیوەندیــی ڕاســتەوخۆی هەیــە بــە تێپەڕاندنــی شــوێن و دووبــارە بەرجەســتەکردنەوەی بــە شــێوەیەکی ئیســتاتیکی لــە هەمــان کاتــدا، بێگومــان باربــا هەمــان ئــەو شــێوەیەی لا پەســەندە.

لێکۆڵینەوەکانی پێشوتر

توێــژەر دوای گــەڕان بــە دوای ناونیشــانێکی نزیــک لــەم توێژینـەوە، هیـچ ناونیشـانێکی هاوشـێوە یاخـود نزیکـی بـە زمانــی کــوردی نەدۆزیــەوە.

**ئامازەکانی چوارچێوەی تیۆری**

١- جەسـتە توانـای دروسـتکردنی وێنـەی هەمەجـۆری هەیـە. بەشـدارە لـە دروسـتکردنی وێنـە و پێکهاتـەکان.

٢- گوتــاری جەســتە بــە شــێوەیەکی ڕێکخــراو ئاراســتە دەکرێــت و دەبێتــە هــۆی خوێندنــەوەی جۆراوجــۆر و هەمەچەشــن و وەکــو ڕەمزێــک ئامــاژەکان پــەرش دەکات و وەرگــر سەرســام دەکات.

٣- یەکـەی جەسـتە بـە پێکهاتـە فیزیکییەکەیـەوە هێـما و ئامــاژە و پەیوەندییــە میتافیزیکییــەکان دەخاتــە ڕوو.

٤- جەســتە لــە ڕێگــەی جووڵــە و وەســتانەکان وێنــەی هەمەجــۆر پێــک دێنــێ کــە دوا جــار دەبێتــە دەقێکــی جەســـتەیی.

٥- جەستە لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەدا دەوڵەمەندتر دەردەکەوێ لە ڕووی فیکری و فەلسەفی و ئیستاتیکی و هونەرییەوە.

٦- ئەکتەر لە ڕێگەی دروستکردنی دەمامک و بەکارهێنانی ماسولکەکانی دەم و چاو گوزارشتی ناوەوە و هەستەکانی دەگەیەنێتە دەرەوە.

٧- ئەکتەر لە ڕێگەی مۆنتاژەوە بە پشت بەستن بە جەستە توانای نیشاندانی هەڵوێست و بابەتەکانی هەیە.

٨- هەر بەشێکی جەستەی ئەکتەر بە تەنیا توانای دەربرینی حاڵەتە هزری و ئیستاتیکییەکانیان هەیە.

**بەشی سێیەم: ڕێکارەکانی توێژینەوەکە**

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە نمایشی شانۆیی (عەبا)، لە نووسینی فەلاح شاکر و یوسف سائیغ و دەرهێنانی کرمانج مستەفا رەئوف نمایشەکە لە هۆڵی (گەل) لە ساڵی ٢٠١٠ نمایش کراوە، و کاتەکەی (٥٠) خوولەکە.

**ڕێگای توێژینەوەکە:** مێتودی وەسفیی شیکارییە.

**کەرستەی توێژینەوەکە:** ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری و بینینی نمایشەکە و تێبینی.

**بیرۆکەی دەقی شانۆیی عەبا**

دەقی درامییەکە بەشێوەیەکی شیعری نووسراوە لە دوو دیمەن پێک دێت و باس لە ژیانی خێزانێک دەکات کە لە ژن و مێردێک پێک هاتووە، لە دیمەنی یەکەم پیاوەکە خەوتووە و خەو دەبینێ بە جەنگ و کارەسات و ماڵوێرانییەکان، و ئافرەتەکەش وەک کەسێکی کەڕ و لاڵ خۆی نیشان دەدا و بێدەنگە، کرداری خەو بینین بەجەنگ و کوشتار و شەهیدبوون دەبێتە کاردانەوە بۆ ئافرەتەکە تا هەوڵ بدات سەرنجی پیاوەکە بۆ خۆی رابکێشێت بۆ ئەوەی لە کەشی جەنگ دووری بخاتەوە و خۆشی لە جیهانە ناوخۆییەکە وەرگرێ، هەوڵ دەدات لاڵەکە رێک بخات و پاکی بکاتەوە و پیاوەکە پەیوەست بکات بە ماڵ و ژیانی خێزانەوە، بەڵام هەوڵەکانی بێ سوودن و پیاوەکە لە ژینگەی جەنگ ڕاهاتووە و دانابڕێ و بەردەوامە لە خەونەکەی، لە دیمەنی دووەم ئافرەتەکە بێدەنگی دەشکێنێ و پیاوەکە زیاتر بێدەنگی هەڵدەبژێرێ، لە کۆتاییدا هەردوو کەسێتییەکە لەگەڵ دەنگی بۆردومان خەبەریان دەبێتەوە و خەونەکەی دەبێت بە واقیع و جەنگ وەک دێوەزمەیەک بەرۆکیان دەگرێ.

**دەقی نمایش**

نمایشی جیاواز لە دەق هەموو ڕووداوەکان لە دیمەنێکدا کۆ دەکاتەوە کە خەو بینینەکە ڕاستەوخۆ دەکات بە واقیع و کەسایەتیی پیاوەکە وەک وێنەگرێک کە لە بەرەکانی جەنگ گەڕاوەتەوە دەردەخات و ئافرەتەکەش لە سەرەتا و دەستپێکەوە وەک کەسێکی لاڵ دەردەکەوێت تا کۆتایی نمایشەکە کە بە دیالۆگێک بێدەنگییەکەی دەشکێنێ، گێڕانەوەی ڕووداو و کارەساتەکەنی جەنگ تەنانەت ناوەوەی خێزان و ماڵەکەش دەکەن بە دۆزەخ و هیچ مانایەک بۆ ژیان ناهێڵنەوە، ئەو وێنانەی کە پیاوەکە لە بەرەی جەنگ گرتوونی وەک مێژوویێکی تاڵ و یادگارییەکی ناخۆش بە بەردەوامی لەگەڵ ئێستایاندا تێکەڵ دەبێ و لە واتای ژیان و خۆشەویستی کەم دەکەنەوە، هەرچەندە ئافرەتەکە هەوڵ دەدات لاپەرەکە بگۆڕێت و پیاوەکە پەیوەست بکات بە خۆشگوزەرانی و لەزەتی خێزان، هەوڵی ڕەنگاوڕەنگکردنی ژیان دەدات، بەڵام پیاوەکە بەردەوام دەبێ لە یادگارییە تاڵ و ناخۆشەکانی جەنگ، چەندین چیرۆکی ناخهەژێن دەبن بە فلاشباکی چیرۆکەکە کە زیاتر و زۆرتر هەمان کەش باڵ بەسەر ژینگەی ماڵەکە دەکێشێ، تا لە کۆتاییی ئافرەتەکە بێدەنگی دەشکێنێ و ماڵەکە ئاسایی دەبێتەوە،

**گوتاری وێنەیی و پێکهاتەیی جەستە**

دەقی نمایش بەگشتی پشتی بە بەکەڕخستنی جەستە بەستووە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە شێوەو پێکهاتە و وێنەکان دەردەکەوێ، بە واتایەکی دیکە نمایش جەخت لەسەر جووڵە و کردە بینراوەکان دەکاتەوە هەروەک وێنەی (١)، ئینجا لە ڕێگەی جەستەوە جۆرێک لە پچڕپچڕبوونی وێنەکان کە واتایەکە بۆ دەرهاویشتەکانی جەنگ و تێکچوونی خێزان، هەروەک چۆن جەستە بە سەر دوو بەشی سەرەکی دابەش کراوە کە ئاماژەیە بۆ جیهانی دەرەوە کە جەنگ باڵی بەسەردا کێشاوە، لەگەڵ

جیهانی ناوەوە کە ململانێیەکی سەخت لە نێوان پیاوەکە کە کاریگەریی جەنگ بە روونی پێیەوە دیارە و جیهانی دەرەوە پاڵەپەستۆی خستۆتە سەر، لەم لاشەوە ئافرەتەکە کە هێمنی و ئارامی و خۆشگوزەرانی خێزان و خۆشبەختیی جیهانی ناوەوە خەونێکی ئەبەدییە بۆی، هەروەک وێنەی (٢). کاتێک نمایش وەک دەقێکی جەستەیی دەردەکەوێت، روون و ئاشکرا جووڵە رۆڵێکی سەرەکی لە بنیاتنانی وێنە و پێکهاتە و شێوەکان دەبینێ، هەر بۆیە لە رێگەی جەستەوە بەشێوەیەکی جووڵاو هەردوو جیهانی ناوەوە و دەرەوەو تێکهەڵکێش دەکات و بە بەردەوامی جەستە لە رێگەی واتایی و ئیستاتیکییەکانەوە لە وێنەیەکەوە باز دەدات بۆ وێنەیەکی دیکەی جیاواز لە رووی شێوە و پێکهاتەوە، هەروەک لە وێنەی (٣) دەردەکەوێ. جەستە لە نمایشدا بە دوو ئاستی دژ بەیەک دەردەکەوێ کە ئەوانیش بریتین لە جەستەی کەسایەتیی پیاوەکە کە دارمان و بێهیوایی پێوە دیارە، هەمیشە زمانی جەستە تێکەڵ بە زمانی بیستراو رەشبینییەک نیشان دەدات کە مانا بۆ ژیان ناهێڵێتەوە و بەردەوام گوزارشت لە جەنگ و کوشتن و بێبەهابوونی مرۆڤ نیشان دەدات و بیانوو بۆ شتەکان دێنێتەوە و هەوڵ دەدات بەرامبەرەکەی رازی بکات و بیخاتە نێو هەمان بازنەی بیرکردنەوەی خۆی، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە، زمانی جەستە لای ئافرەتەکە نیشاندانی بنیاتنان و دروستکردنە، هەوڵدانە بۆ بایەخدان بە ژیان و خۆشییەکانی، کەسایەتیی ئافرەتەکە لە جەستەیەکی بێدەنگدا هەمیشە تێدەکۆشی و کار بۆ رەنگاورەنگ کردنی ژیان دەکات، هەموو هەنگاوەکانی جەستەیەکی گەشبین پیادە دەکەن، هەروەک وێنەی (٤). ئینجا دوو ئاستی دیکەی جەستە کە یەکێکیان جێگیر و ئەوەی دیکە لە جووڵەدایە، یارمەتی پێشخستنی بابەت و هەڵوێستەکان دەدەن بۆ گەیاندنیان، کە ئاستی یەکەم جەستەی جووڵاوی کەسایەتیی پیاوەکەیە کاتێک لە رێگەی جووڵەکانیەوە هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی وێنەیی وەرگر بخاتە نێو چوارچێوەی رووداوەکان و بیانکاتە بەشێک لە هەڵوێستەکان، جەستە دەبێتە کەرەستەکی جووڵاو بۆ واتابەخشین بە وێنە جەستەییەکان کە دواتر زیاتر لە

لێکدانەوەیەک و مانایاکی پێ دەبەخشێ لای وەرگر. ئاستی دووەم، جەستە جێگیرەکانە کە کەسایەتیی پیاوەکە لە رێگەی کامێراکەیەوە وێنەکانی چرکاندووە و هەوڵ دەدات لەگەڵ جەستەی جووڵاوی خۆی هاوسەنگییەک دروست بکات بۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا چەند ئەکتەرێک وەک کۆمبارس، جووڵە جێگیرەکان بە قاڵبێکی تازە و فەنتازی چوار دەور دەدەن و بەرجەستەیان دەکەن، هەروەک وێنەی (٥)، لە لایەکی دیکە جەستەی تاک و جەستەی بەکۆمەڵ دوو ئاستی دیکەن لە نمایش کە یەکتر تەواو دەکەن لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە، بەش بەش و پچڕ پچڕ دەبن بە مەبەستی بەرجەستەکردنی وێنەیەکی ئیستاتیکی و واتایی، لە وێنە بە کۆمەڵەکاندا جەستەی جووڵاو و جێگیر دەبنە بەشێک لەتەواوکرنی شێوەی هونەری و بە تەکنیکێک هاوشێوەی پێکهاتەی سینەمایی دەردەکەون و لە ریزبەندی وێنەکان کە یەک بەدوای یەک دێن و یەکتر تەواو دەکەن، کە ئەمەش شێوەیەکی ئیرتجالی جەستە دیار دەخات و پانتاییەکی کراوە بە تواناکانی جەستە دەبەخشێت بۆ دەربرین لە چەند بوارێکی جیا جیا کە وێنە جەستەییەکان لە یەک کاتدا چەند چیرۆکێک دەگێڕنەوە بە جووڵە و پێکهاتە تاکی و بە کۆمەڵەکان هەر وەک لە وێنەی (٥). ئینجا نمایش دوو ئاستی دیکە لەرێگەی جەستەوە بەرجەستە دەکات کە بریتین لە مۆنتاژ و کۆلاژ، مۆنتاژی بینراو لە رێگەی پێکهاتەکان و رەگەزە هاوبەش وبەشدارەکانی تر، لەگەڵ جووڵەی ئەکتەر و تەکنیکی دەنگ و رووناکی کە جووڵە لەنێو جووڵەدا دروست دەکەن و مۆنتاژی هەڵوێستەکان دەکەن، کە ئەمەش مۆنتاژێکی دەنگی و وێنەییە لە ناڵە و هاواری پاڵەوان لە لایەک و دەنگی ئازاری سەربازەکان ( کۆمبارس) لەلایەکی تر، و لە رووی وێنەییەوە و سەبارەت بە مۆنتاژی بینراو، وەک پرۆسەیەکی رێکخراو دەردەکەوێت لە نێوان گرتەکاندا کە لە رووی فیزیکییەوە وەک گرتەی سینەمایی دەردەکەوتن، لە مەش هەردوو پاڵەوانی سەرەکی و کۆمبارس تێیدا بەشدار بوون، هەروەک وێنەی (٧). کۆلاژ بە هەمان شێوەی مۆنتاژ لە رێگەی جەستەی ئەکتەر و رەگەزە تەکنیکییەکان دەرکەوت، کە وێنە و پێکهاتەکان

شـێوەیەکی کۆلاژیـان بەرجەسـتە دەکـرد کـە گوزارشـت بـوو لـە سـاتە جـوان و هـزری و واتاییـەکان، کـە تێیـدا لـە دوو ئاسـتی جیـاواز دەردەکەوتـن، کـە شـێوە کۆلاژییەکـە بـە قۆناغێکـی هـزری و کۆمەڵایەتـی تێدەپـەڕێ کـە مەبەسـت لێـی ئاشـنابوون و ئاشـکراکردنی جیهانـە جیـاوازەکان بوو(جیهانـی شـەر و ئاشـتی) کـە چەنـدە دوورییـەکان بـەرەو ژیـان لـە نێوانیـان زەق دەکرێتـەوە، ئاسـتی دووەمـی کـۆلاژ بریتییـە لـە جووڵـە و شـێوە ئیرتجالییـەکان، کـە لەیـەک کاتـدا کـۆلاژی دەنگـی و بیـنراو بوونـی هەبـوو، کـە بـە شـێوەیەکی دیـار و ئاشـکرا لـە یەکـتر جیـا دەکرانـەوە، ئەویـش بـە دەرەنجامـی هـەردوو بـواری جەنـگ و ژیانـە، کـە پێکهاتـە جەسـتەییەکان وەک ئامـاژە بـە خۆشـی ژیـان و وێرانـکاری جەنـگ گوزارشـتیان دەکـرد، و لـە چەندیـن حاڵەتـدا بەشـێک لـەج ەسـتە لەگـەڵ بەشـێکی دیکـە کـۆلاژی هەڵوێسـتەکانیان دەکـرد، هـەروەک لـە وێنـەی (٨) نیشـان دراوە.

**ئەنجام**

١- جەسـتە پێکهاتـە جوانـی و هـزری و واتاییـەکان پەخـش دەکات و شـێوەیەکی هونـەری پێـک دێنـێ.

٢- هەمـوو بەشـەکانی جەسـتە بەتەنیـا توانـای گوزارشـتیان هەیـە لـە حاڵەتـە جۆراوجـۆرەکان.

٣- لـە ڕێگـەی جەسـتەوە واتـا فەلسـەفییەکان دەخرێنـە ڕوو، هەروەهـا لایەنـە کۆمەڵایەتـی و مێژووییـەکان بەرجەسـتە دەکرێـن.

٤- جەسـتە بەشـێوەکی ڕێکخـراو و ئیرتجالـی بەشـدارە لـە مۆنتـاژ و کـۆلاژی هەڵوێسـت و حاڵەتـەکان.

٥- لـە ڕێگـەی جەسـتە و پێکهاتەکانییـەوە چیرۆکـەکان بـە شـێوەیەکی بیـنراو و دەگێڕدرێنـەوە.

٦- جووڵـە وەک فاکتەرێکـی سـەرەکی بەشـێوەی تـاک، یاخـود کۆمـەڵ ئاسـتەکانی بینیـن دیـاری دەکات، هەمیشـە وێنـەکان دەگۆڕێـت و هەڵوێسـتەکان دیـاری دەکات.

**سەرچاوەکان**


١. آرتو،انتونـان (١٩٧٣).المـسرح وقرينه,تر:سـامية اسـعد,القاهرة:دار النهضـة العربيـة.

٢. أفلاطـون ( ٢٠١١ ). محـاورة فيدون،تـر: دكتـور عـزت قـرني، ط ٣،القاهـرة: دار قبـاء للطباعـة والنـشر والتوزيـع.

٣. اليـاس , مـاري (١٩٩٥). جماليـات التعبـير الجسـدي ( حـوار مـع مـاري اليـاس) , مجلـة القاهـرة , العـدد ١٥٥ اوكتوبـر.

٤. باربا،أيوجينيـو (١٩٩٥). مـسرة المعاكسـن، تـر: قاسـم بياتـلي، بـيروت: دار الكنوزالادبيـة.

٥. بـارت، رولان ( ١٩٨٦). درس السـيميولوجيا، تـر: عبـد السـلام بـن عبيـد، المغـرب: الـدار البيضـاء للنـشر.

٦. بـافي , باتريـس (٢٠١٥). المعجـم المسرحـي , تـر ميشـال ف. خطـار , بـيروت: منظنـة العربيـة للترجمـة.

٧. التونجي،محمـد(١٩٩٩). المعجـم المفصـل في الادب، ج ١، ط٢،بيروت: دار كتـب العلمية.

٨. ديـكارت، رينيـه (٢٠٠٩). التأمـلات في الفلسـفة الاولى, تـر: عثـمان أمـين, القاهـرة: المركـز القومـي للترجمـة.

٩. سـبينوزا،باروخ(٢٠٠٩). علـم الاخـلاق، تـر: جـلال الديـن سـعيد، بـيروت: المنظمـة العربيـة للترجمـة.

١٠. فوكـو، ميشـيل (١٩٩٠). المراقبـة والمعاقبـة، تـر: عـلي مقلد،بـيروت: مركـز الانمـاء القومـي.

١١. كروتودسـكي، جـيرزي (١٩٨٢). نحـو مـسرح فقـير، تر:كـمال قاسـم نادر،بغـداد: دار الحريـة للطباعـة.

١٢. مايرخولـد , فسـيفولد (١٩٧٩). في الفـن المسرحـي جــ١، تـر: شريـف شـاكر بـيروت: دار الفـارابي.

١٣. مكدونيـك ,ديان(٢٠٠١).نظريـات الخطـاب، تر: عـزالدين اسـماعيل القاهـرة: المكتبـة الاكاديميـة.

١٤. ميرلوبونتـي، موريـس (١٩٩٨). ظواهريـة الادراك، تـر: فـؤاد شـاهين، بـيروت: معهـد الانمـاء العـربي.

١٥. ميلـز، سـارة (٢٠١٦). الخطـاب، تـر عبدالوهـاب علـوب، قاهـرة: المركـز القومـي للترجمـة .

١٦. نيتشـة ,فريديـك(١٩٧٣). مـا وراء الخـير والـشر، تـر: محمـد الكغـاط، المغـرب: مطبعـة سـندي.

٧١. ___ , ___ (٢٠١٤). هكـذا تكلـم زرادشـت، تـر: فليكـس فارس،وندسـور: مؤسسـة هنـداوي.

**پاشکۆ:**



وێنەی (١)



وێنەی (٢)



وێنەی (٣)



وێنەی (٤)



وێنەی (٥)



وێنەی (٦)



وێنەی (٧)



وێنەی (٨)

**الخلاصة:**

يتكـون البحـث مـن اربعـة فصـول، يضـم الفصـل الأول الإطـار المنهجـي و تضمـن مشـكلة البحـث التـي ركـزت عـلى الجسـد و افرازاتـه في العـرض المسرحـي. أمـا سـؤال البحـث فقـد كان: مـا اشـكالية الجسـد في خطـاب العـرض المسرحـي- مسرحيـة العبـاءة انموذجـا؟ أمـا هـدف البحـث فقـد كان: الكشـف عـن وظيفـة الجسـد في خطـاب العـرض المسرحـي، بينـما الحـدود: الزمانيـة (٢٠١٠)،والمكانيـة (أربيـل)، الموضوعيـة، التوظيـف الفلسـفي للجسـد في العـرض المسرحـي، وتنـاول الفصـل الثـاني مبحثـين هـما: ١- الجسـد والفلسـفة.٢- الجسـد والعـرض المسرحـي. وتـم تحليـل مسرحيـة (العبـاءة) في الفصـل الثالـث، اماالفصـل الرابـع: نتائـج وقـد نوقشـت واسـتخرجت عـددا مـن الاسـتنتاجات اهمهـا١- الجسـد مشـارك بشـكل منظـم و ارتجـالي في مونتـاج و كـولاج الحـالات والمواقـف. ٢- مـن خـلال الجسـد و تكويناتـه تُـروى القصـص بشـكل مـرئي. وذيـل البحـث بتوصيـات و قائمـة المصـادر والملحـق، و ملخصـين باللغتـين العربيـة والإنجليزيـة.

الكلمات المفتاحية: الجسد، الخطاب، العرض المسرحي

## Abstract:

The research consists of four chapters; chapter one includes - methodological framework- comprises research problem which focused on body and its excretions in performances, the research question is: What is the body problem in theatrical performance discourses -Al-Abaya play as a model? Research goal was: Revealing body function in theatrical performance discourses, limits: temporal (2010), spatial (Erbil), objectivity, philosophical employment of body in plays, and chapter 2 dealt with two topics:

1. Body and Philosophy
2. Body and Theatrical Performance
3. Al-Abaya play was analyzed in chapter 3. Chapter 4 - Outcomes- discussed, extracted some conclusions, most important were:
4. Body, in orderly and improvisational manner, is participant in montage, collage cases and situations.
5. Through body and its formation stories will be narrated visually.
6. Research appended with recommendations, sources and appendix, summaries in Arabic and English.

Keywords: Body, Discourse, Performance.